## دیاری قەرەداغی

# لەدیالۆگێگی کراوەدا

سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان یەکێکە لەو سەنتەرە چالاکانەی کەگرنگی بەکارو چالاکییەکانی لاوان دەدەن‌و هەموو رۆژانێکی دووشەممان کۆڕێك بۆ بوارێکی دیاریکراوو کە گرنگی هەیە لەلای لاوان دەبەستن کەئەمەش هۆکارێکی بەرچاوە بۆ رۆشنبیر کردنی لاوان لەگشت بوارە جیاوازەکاندا، هەر لەو دیدەوە رۆژی ٢٠٠٥/٧/٢٥ سەعات ٦ی ئێوارە کۆڕێکی تایبەت بەهونەری موزیك‌و ئەزموونەکانی هونەرمەند دیاری قەرەداغی لەباخچەی سەنتەر لەژێر ناوی (دیالۆگی کراوە) سازکردو کۆڕەکە لەچەند تەوەرێك پێکهاتبوو لەوانە (ناوەندی هونەری لەکوردستان، سەنتەری هونەرمەند، گوێگرو گرفتەکانی، هونەرمەندو دەزگاکانی راگەیاندن، هونەری کوردی‌و جۆرێك لەفۆڕم، هونەری کوردی‌و پەیوەندی، لەنێوان دەنگ‌و وێنەدا)و دیالۆگەکە بەبەشداری ئامادەبووان‌و هونەرمەند چەند لایەنگی گرنگی هونەری موزیکی کوردی تیشك خرایەسەری‌و دیالۆگەکە نزیکەی دوو سەعاتی خایاند.

لەژمارەی داهاتوودا راپۆرتێك لەمبارەیەوە دەخوێنیتەوە.